سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ پیرۆز دەکەین

کوردستانیانی تینووی ڕزگاری و سەربەخۆیی!

سەربەخۆخوازان و ئازادیخوازانی جیهان!

دوێنێ ١٧-٢-٢٠٠٨ لەهەنگاوێکی بوێرانەدا پەرلەمانی هەرێمی کۆسۆڤۆ لە دانیشتنێکی فەرمی خۆیدا بڕیاری دا کە نیشتمانەکەیان لە سربستان جیابێتەوەو سەربەخۆیی خۆی ڕابگەیەنێ، لەم پێوەندەدا ئێمە بەناوی حزبەکانمان و بەنوێنەرایەتی سەربەخۆخوازانی کوردستانەوە پیرۆزبایی لە گەلی کۆسۆڤۆ دەکەین، دەخوازین لە نیشتمانێکی ئازادو سەربەخۆدا ئارام و بەختەوەر بژین، هەم وڵاتەکەیان ئاوەدان بکەنەوەو بەرەو دیموکراتیزەکردنی هەنگاو هەڵبگرنەوە، هەم پێوەندی خۆیان دەگەڵ گەلان و وڵاتان دا دروست بکەن و گەشەی پێبدەن.

ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی کۆسۆڤۆ ڕووداوێکی سەرپێیی و هەواڵێکی ئاسایی مێدیاکان نیە، بۆ گەلی کۆسۆڤۆ پیادەکردنی مافی چارەنووسی خۆیان و سەربەخۆیی نیشتمانەکەیانە، بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلانی بندەست و داگیرکراویش وەرچەرخانێکی مێژوویە، لەسەر ئاستی جیهانیشدا واتای بنبڕکردنی ستەم لەسەر گەلێکی داگیرکراودا بەرجەستە دەکات، ئەمەش بەسەرکەوتنی بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلانی بندەست تەواو دەبێ و لەبەرژەوەندی ئاشتی جیهانی بزووتنەوەی ئازادیخوازیدا دێتەوە، بەوهۆیەشەوە هەنگاوێکی پیرۆزو واتابەخشە، هیواخوازین لەلایەن گەلان و وڵاتانەوە پشتیوانی لێبکرێ و بەفەرمی بناسرێ، هەروەها هیواخوازین کە ڕێکخراوەی نەتەوە یەکگرتووەکان کۆسۆڤۆی سەربەخۆ پەسند بکات و بەئەندام وەربیگرێ و ئاڵاکەی لەتەک ئاڵای وڵاتاندا بەرزبکاتەوە.

ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کۆسۆڤۆ بۆ سەربەخۆخوازانی کوردستان مژدەیەکی ئومێد بەخشە، پێکهێنانی کۆسۆڤۆێکی سەربەخۆو شەکاندنەوەی ئاڵاکەی تروسکایی ئەو چرایە ڕۆشنتر دەکات کە ڕێگەی سەربەخۆیی گەلانی بندەست و داگیرکراو ڕووناک دەکاتەوە. بەم بۆنەیەوە داوا لە سەربەخۆخوازانی کوردستان دەکەین کە لێبڕاوانەترو شێلگیرانەتر بۆ یەکخستنی ریزەکانیان و بۆ بەهێز کردنی سەرنگەری سەربەخۆیی تێبکۆشن، ڕایەڵەی دۆستایەتی و هاوپەیمانێتی لەگەڵ کۆسۆڤۆی سەربەخۆدا دروست بکەن.

ئێمە وێڕای ئەوەی کە پیرۆزبایی خۆمان بۆ گەلی کۆسۆڤۆ دووپات دەکەینەوە و هیوای سەرکەوتنیان دەخوازین، هاوکات ئاوات بە کوردستانێکی سەربەخۆ دەخوازین و لەپێناو ئەم ئامانجە پیرۆزەشدا درێژە بە تێکۆشان دەدەین و پێشمانوایە کە ڕۆژی سەربەخۆیی نیشتمانەکەمان نزیک بۆتەوە، خۆری ڕزگاری هەڵدێ و لە ئاسمانی شەهیدانەوە تیشکی زێڕینی خۆی بەسەر کوردستانێکی سەربەخۆدا پەخش دەکات.

حزبی ڕزگاریی کوردستان
پارتی سەربەخۆیی کوردستان
پارتی سەربەستی کوردستان
یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان

٢-٢-٢٠٠٨

هێرشی تورکیا، ئامانج و ئاکامەکانی

لە واقیعدا هێرشی تورکیا بۆ سەر باشوری کوردستان چەند ئامانجێکی لە پشت بوو . لەوانە ،

١_ حکومەتی داگیرکەری تورکیا چاوی بەو دەسکەوتانەی کورد لە باشوری کوردستان هەڵنایە و لە دواڕۆژدا بە هەڕەشەی دەزانێ لە سەر خۆی. بە هەموو هێز و توانایەوە هەوڵی لاوازکردن و لەناوبردنی دەدات .هەروەها لە دوای ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی وڵاتی کۆسۆڤۆ، تورکیا مەترسی ئەو هەڕەشەیەی لا زەقتر بوەوە ویستی بە شێوەیەک دەسەڵاتداراتی باشوری کوردستان و دنیای دەرەوەش تێبگەیەنێ لە دژایەتی بنەڕەتی خۆی لەو نیمچە دەسەڵاتەی باشوری کوردستان .

٢_ تورکیا ئیستاش مەترسی لە جێبەجێ بوونی مادەی ١٤٠ی یاسای بنەڕەتی عێراق هەیە ، هەرچەن لای خۆمان بە هەڵوێستی لاوازی سەرکردایەتی کورد و حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵخۆشیەکی ئەوتۆ بە جێبەجێ کردنی ئەو مادەیە نەماوە ، بەڵام تورکیا لە هەوڵی بێوچاندایە بۆ ڕێگری و تەگەرە خستنە ڕێگای چەسپاندنی ئەو مادە دەستوریە.

٣ _ تورکیا بەو هێرشانە دەیهەوێست دەسەڵاتی کوردی لە حکومەتی فیدرالی عێراقدا کەم و کەمەرەنگ بکاتەوە و لاوازی بکات ،تا بتوانێ لە هێزی دوهەمەوە لە دەستەڵاتی عێراقدا بیکات بە هێزی سێهەم و چوارەم وبۆ ئەو مەبەستە لە هەوڵی ئاڵترناتیڤیشدایە . هاوکات ڕق و تورەیی خەڵک بەرابنەر بە سەرکردایەتی کورد و حکومەتی کوردستان دروست بکات.کە لەم بوارەدا بە پی هەڵوێستی دەسەڵاتی کوردستان و پارتەسیاسیە دەسەڵاتدارەکانی کوردستان تا ڕادەیەک لە ئامانج نزیک بوەتەوە .

٤_ قەیرانە ئابوری و سیاسی و کومەڵایەتیەکانی ناوخۆی تورکیاش و ناکوکی نێوان پارتەکەی ئەردۆغان و جەنڕالەکانی سوپا و مەسەلەی ڕەسمی کردنی حێجاب و هەمو ئەو ناکۆکیانەش هۆیەکی دیکەی هێرشەکە بوو.

٥_ بوونی پ ک ک لە باشوری کوردستان و شەڕ لەگەڵ پ ک ک لەم هێرشەدا لە ڕاستیدا لە خانەی پێنجەم یان شەشەمدا بوو، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورک هێرش بۆ سەر پ ک ک و مەسەلەی شەڕی دژە تروریان کردە بیانو لە پێناو بە ڕەوا نیشاندانی هێرشە داگیرکاریەکەیان بو کۆکرنەوە و ڕاکێشانی ڕای گشتی و نێودەوڵەتی بە لای خۆیاندا .

ئاکامەکان :

تورکیا لە چەند لایەنەوە لەم شەڕەدا شکستی هێنا و دۆڕا .

یەکەم : بە نیسبەت کومەڵگای ئوروپاوە زیاتر لە جاران ڕەخنەی هاتە سەر بەو لەشکرکێشیە ، زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی هەڵوێستی دژی هێرشی تورکیایان دەربڕی ، بە دەستدرێژی بۆ سەر سەروەری خاکی عێراقیان لەقەڵەمدا و مەحکومیان کرد .وڵاتانی بەدەسەڵاتی ئوروپا وەک ئاڵمان، فەرەنسا و بریتانیا پێان وابوو ئەو جۆرە هەڵوێستانە تەگەرە دەخاتی ڕێگای چوونی تورکیا بۆ ناو ئوروپای هاوبەش .

دوهەم: هەرچەن ئەمریکا چرا سەوزی بە تورکیا دابوو بۆ هێرشەکە بەڵام سوپای تورکیا زیاتر لە بەرەی خۆی پێی ڕاکێشا ،هەندێک نارەزایی لە لایەن سەرکردایەتی ئەمریکاوە بۆ دروست بوو ، مەترسی ئاڵۆزی زیاتر لە ناوچەکە هاتە کایەوە و و تورکیای زیاتر ملکەچی بریارەکانی ئەمریکا کرد و ئەوەش ڕەنگدانەوەیەکی خراپی لە ناو خەڵکی موسوڵمانی تورکیا دەبێت کە ئەردۆغان نوێنەرایەتیان دەکات .

سێهەم: نارەزایەتیەکی زۆر لە ناوخۆی تورکیا دا دروست دەکا . بەو هەموو ڕاگەیاندنەی تورکیا لە مێدیاکان کە باسیان لە بەردەوامی هێرشەکە تا گەیشتن بە هەموو ئامانجەکان دەکرد ، ئەو هەمووەی لە ڕۆڵەکانیان بەکوشتدا و بە بریارێکی کوتوپڕ بێ ئەوەی کە بەتاکە دانەیەک لە ئامانجەکانی بگات، شکاو پاشەکشەی کرد بەم کردەوە بێ باوڕی ، بەگومانی و بەرنگار بونەوەیەکی زۆر لە ناو خەڵکی تونڕەوی تورکدا دروست دەکات .

چوارەم : زیاتر لە جاران تۆوی ڕق و تورەیی و بێ باوەڕی بەرانبەر بە حکومەتی تورکیا لە ناو دڵی خەڵکی باکوری کوردستاندا دروست کرد .

پێنجەم : بەو هێرشە زیاتر لە هەموو کات نەتەوەی کوردی لێک نیزیک کردەوە و زیاتر هانیدان بۆ پێکهێنانی یەکیەتیەکی نەتەوەیی .

تاکە شتێک لە حکومەتی تورکیا قازانجی لێ کرد " ئەگەر خۆی تێبگات" ئەوەبوو کە بۆ چەندەمین جار بۆی دەرکەوت ناتوانێ بە هێزی چەک و سەرکوت نەتەوەیەک و ویستە ڕەواکانی لەناو بەرێ . پێی سەلما کە شەڕ و کوشتار و لەشکرکێشی ڕێگای چارە نیە . هەروەها بۆشی دەرکەوت هێزی گریلا کە گیانی خۆیان لە پێناو نەتەوەکەیاندا بەخت دەکەن، ئەوە نین وا ئەوان بیریان لێدەکردەوە و کوردیش تەسلیمی ویستەکانی شومەکانی ئەوان نابێت .

جێگای سەرنج و سەرسوڕمان ئەوە بوو کە هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی کورد لە باشوری کوردستان بە پێچەوانەی خەڵکەکە بوو .

سەلاح سوڵتانپەنا

٢٠٠٨/٠٣/٠١

داوا دەکرێ پێگەی تورکیا لە باشووری کوردستان نەمێنێ

ڕۆژی ٢٦-٢-٢٠٠٨ پەرلەمانی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا بە فەرمی داوای کرد کە پێگەکانی سوپای تورکیا لەنێو خاکی باشووری کوردستان دا نەمێنن.

پەرلەمانی کوردستان لە ڕاگەیاندراوێکدا نووسیویەتی: داوا لەحکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین هەرچی زووترە هەر بوون و بارەگایەکی سەربازی تورکیا لەناو سنووری هەرێم دا نەهێڵێ و داوا لەحکومەتی تورکیا بکات ئەو پێگە و بنکە سەربازیانەی چۆڵ بکات کە بەر لەڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری و بە هۆی بارودۆخە نائاساییەکان دانراوەو هەموویان بکشێنێتەوەو هەر بوونێکی نایاسایی لابدات کە لەناو سنووری دەوڵەتێکی سەربەخۆ و خاوەن سەروەری بەپێی یاسا نێودەوڵەتی و نەریتە دیبلۆماسیەکان هەبێت.

پەرلەمانی کوردستان بە درەنگەوە ئەم داوایەی کردووە، بەڵام دیسانیشەوە هەنگاوێکی گونجاوو پێویستە، ڕاستیەکەی دەبوایە پەرلەمانی کوردستان زووتر لێکۆڵینەوەی لە هەبوونی بنکەو بارەگاکانی سوپای تورکیا لەنێو خاکی هەرێمی بکردبایەو داوای وەدەرنانی بکردبان. وێڕای ئەوانەشەوە ئێستا پرسیارەکە لەوەدایە: کێ مۆڵەتی بە دەوڵەتی تورک دابوو کە بێتە ناو خاکی باشووری کوردستان تا پێگەی سەربازی خۆی تێدابنێ؟!

کێ ئەو دەستەڵاتەی بەخۆی دابوو کە خاکی نیشتمان لە خزمەت سەربازی تورکیا کە سەرسەخترین دوژمنی کوردستانە دابنێ؟! ئایا ئەو دەسەڵاتەی کە ڕێگەی داوە بنکەو بارەگای سەربازی سوپای تورکیا لەنێو خاکی باشووری کوردستان دا بکرێتەوە نەیزانیوە کە تورکیا باکوری کوردستانی داگیرکردووە، دان بە هەبوونی نەتەوەی کورد دا نانێ و خەونیش بە گێرانەوەی ویلایەتی موسڵ دەبینێ؟!

جاران ئەگەر باس لەوە دەکرا کە هێزەکانی سوپای تورکیا هاتوونەتە کوردستان و تێیدا جێگیربوونە، ئەمە ڕەت دەکرایەوەو بە چەواشەکاری و شێواندنی ڕای گشتی دادەنرا! پێوانەی دوژمنی گەلیش بۆ ئەوانە دەکرا کە ئەو بابەتەیان دەوروژاند. لەسەرو بەندی هەڕەشەکانی لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بابەتێکم لەژێر ناوی **تورکیا دەیەوێ بێتە ناو خاکی هەرێمی کوردستان یان هاتووە ؟!** نووسی و لە ژمارە ١٩٧ی هەفتەنامەی **ڕۆژی گەل** دا بڵاوکرایەوە کە ٤-١١-٢٠٠٧ دەرچووە، ئەو کاتە زۆر کەس پێیوابوو کە من لە خۆڕاوە چەواشەکاری دەکەم و حکومەتی هەرێم بەوە تۆمەتبار دەکەم کە ڕێگەی بە سوپای تورکیا داوە تا بنکەو بارەگای خۆی لەنێو خاکی باشووری کوردستان دابنێ. ئێستا ڕاگەیاندراوەکەی پەرلەمانی کوردستان ڕاستی قسەکانی منی سەڵماندووە، ئیتر بەوهۆیەوە داوا لە پەرلەمانی کوردستان دەکەم تا هەنگاوێکی بوێرانە هەڵبگرێتەوە، ئەو کەس و لایەنە بۆ بەردەم پەرلەمان ڕابکێشێ تا سەبارەت بە مۆڵەتپێدان و هەبوونی بنکەو پێگەی سوپای تورکیا لەنێو خاکی هەرێم پرسیاری لێبکات و داوای ڕوونکردنەوەی لێبکات.

ئەگەر حکومەتی هەرێمی کوردستان یان کەس و لایەنێک مۆڵەتی بە سوپای تورکیا دابێ تا بنکەو بارەگای خۆی لەنێو خاکی کوردستاندا بکاتەوە، دەبێ بەرپرسیارێتی ئەو لەشکرکێشیەش لەئەستۆ بگرێ. ناکرێ بەبێ پرسی پەرلەمان و بەبێ ئاگاداری خەڵکی کوردستان، حکومەت یان هەر کەس و لایەنێکی دیکە هێزی وڵاتێکی دیکە بۆ ناو خاکی نیشتمان بانگ بکات و ئاسانکاری بۆ بکات تا بنکەو بارەگای خۆی لەنێو خاکی نیشتمان دابنێ.

ئەگەر سەردەمێک و ڕۆژگارێک لەبەر شەڕی نێوەخۆ لایەنێک یان لایەنەکان ڕێگەیان بەخۆیان دابێ و لەشکری بێگانەیان بۆ ناو خاکی نیشتمان بانگ کردبێ، ئیدی کاتی ئەوە هاتووە لەبەرانبەر ئەو کارەدا داوای بووردن لە خەڵک بکەن.

گۆڤەند مەوجود

کوردستانیان دژ بە تورکیا ڕێپێوان دەکەن

سەرچاوەکانی هەواڵ باس لەو ڕێپێوان و خۆپێشاندانانەی کوردستانیان دەکەن کە لە باکوری کوردستان و شارەکانی وڵاتانی ئەوروپادا دژ بە لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەدەچن.

ئەمە یەکەمین جار نیە کە کوردستانیان دژ بە دەوڵەتی تورکیا ڕێپێوان و خۆپێشاندان دەکەن، بەڵکو بەدرێژایی ١٨ ساڵی ڕابردوو زۆر جاری دیکەش دژ بە سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی تورکیا ڕێپێوان کراوە، بە تایبەتیش لەسەرو بەندی گەلەکۆمەکی نێو دەوڵەتی لە دەستگیرکردنی عەبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی پارتی کرێکارانی کوردستان،بەڵام ئەمە یەکەمین جارە کە کوردانی باکوری کوردستان بەشێوەیەکی بەرفراوان و قارەمانانە دەرژێنە شەقامەکان و سیاسەتی حکومەتی تورکیا پرۆتستۆ دەکەن و ڕاشکاوانە دژ بە لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێمی کوردستان هەڵوێست دەنوێنن. ئەم هەڵوێستە ئەگەرچی شکانی ترسی کورد لە سوپای تورکیا خۆیا دەکات، لەهەمان کاتیشدا هەنگاوێکی ئەرێنیەو بەرەو یەکێتی ریزەکانی کوردستانیان هەڵدەگیرێتەوە، زەنگێکی ترسناکیشە بۆ داگیرکەرانی نیشتمانەکەمان.

وێڕای ئەوەی کە لەشکری تورکیا زۆر دڵڕەقانە باشووری کوردستان تۆپباران و بۆردومان دەکات، هێزی سەربازی پیادەشی ڕەوانەی ناو خاکی باشووری کوردستان کردووە، سەرباری ئەوەی کە کوردستانیان و هێزە سیاسیەکان و پەرلەمانی کوردستانیش دژ بە هاتنی تورکیا دەنگی نارەزایی بەرز دەکەنەوەو لەشکرکێشی ریسوا دەکەن، بەڵام کۆدەنگی لەسەر ڕێپێوان و خۆپێشاندان نیە، ئەگەر لێرەو لەوێش خەڵک کۆدەبنەوەو نارەزایەتی پێشان دەدەن ودژایەتی خۆیان ڕادەگەیەنن، بەڵام چونکە حکومەت و لایەنە دەستەڵاتدارەکان هاوهەنگیان لەگەڵ دا ناکەن و پشتیوانیان لێناکەن، ئیدی بەکزی و لاوازی دێتە بەرچاوان.

ساڵی ڕابردوو کاتێک پەرلەمانی تورکیا ڕەزامەندی لەسەر داوای حکومەتی ئەنکارا بۆ ئۆپەراسیۆنی سەربازی لە دەرەوەی سنووری خۆی دا، ژەنەڕاڵەکانیش هەڕەشەی لەشکرکێشیان کرد، چونکە حکومەتی هەرێم و لایەنە دەستەڵاتدارەکان هاوڕابوون، ئیدی فێرخواز و کارمەندانی دامەزراوەکانی دەوڵەتییان هێنایە سەرشەقامەکان، دەیان ڕێپێوان و خۆپێشاندان ساز کران، بەڵام مخابن ئەمجارەیان ئەو پەندە کورد پەیڕەو دەکرێ کە دەڵێ: "ئاگرە سوورە لەخۆم دوورە" ڕاستیەکەشی ئاگرە سوورە دوور نیە، بەڵکو زۆریش نزیک کەوتۆتەوە، بەڵام دەستەڵات لەژێر پاساوی :" لەمن مەدە لە برام بدە، وا دەزانم لە جەواڵی کا دەدەی" خۆی شاردۆتەوە و ڕێش لە جەماوەر بزر دەکات و هەڵوێستیان دەشێوێنێ و وا پێشان دەدات کە هاتنی تورکیا تەنیا بۆ لێدانی بنکەو بارەگاکانی پارتی کرێکارانی کوردستانە!! ئەوانیش بەبێ مۆڵەتی حکومەتی هەرێم هاتوون و بنکەو بارەگایان لە گوندو شاخەکان داناوە، بەوهۆیەوە لاگیری لەشەڕی نێوان گەریلاو سوپای تورکیادا ناکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە بەرپرسانی تورکیا نایشارنەوەو ڕاشکاوانە دەڵێن : پرس تەنیا پەکەکە نیە، پرس ویلایەتی موسڵ، بەتایبەتیش شاری کەرکوکە" کەواتە تورکیا بەهاوهەنگی لەگەڵ ئەمریکا دەیەوێ خەونی سەد ساڵەی خۆی بۆ گێرانەوەی ویلایەتی موسڵ جێبەجێ بکات. هەندێ لەسەرکردەکانی باشووری کوردستان درک بەو ڕاستیە دەکەن و گومانی خۆیان لە ئامانج و نیازی تورکیا پێشان دەدەن، بەڵام هەنگاوی کردەیی هەڵناگرنەوەو دژایەتی هاتنی سوپای تورکیا ناکەن، بەرخۆدان و بەرگریش بە هاتنی سوپای تورکیا بۆ نێو شارەکانی کوردستان دەبەستنەوە! ئەمەش جگە لە بێهەڵوێستی هیچ هەڵوێستێکی دیکەی لێ وەدی ناکرێ.

چاودێران پێیانوایە بێدەنگی ئەمجارەی دەستەڵاتدارانی باشووری کوردستان لە هەڕەشەو لەشکرکێشی سوپای تورکیا بۆ ناو خاکی هەرێم سەرچاوەی لەو ناکۆکیە گرتووە کە لەنێوان هەولێرو بەغدادا هەیە، هەندێکی دیکەش پێیانوایە چونکە ئەمریکا چرای سەوزی بۆ تورکیا هەڵکردووەو پشتیوانی لێدەکات، ئیدی دەستەڵاتدارانی باشووری کوردستان ناچارن کە پەسندی بکەن و لە دژیدا ڕانەوەستن.

سەربەست کانەبی

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com